# دەبێ ژن ئارایشت بۆ دەقە شیعریەکانی بکات
# بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەکرێ بەوەی لاسایی پیاو ئەکاتەوە؟

کۆمێنتارێکی زۆر درەنگ وەخت لەمەڕ وتارێکی "هەندرێن"

ڤینۆس فایەق / هۆڵەندا



ماوەیەک بەر لە ئێستا بەرێکەوت وتارێکی "هەندرێن"م بینی بەناونیشانی (ئامادەبوون و دڵەڕاوکێی شیعری ژنان لە جەستەی زمانی کوردیدا) کە وابزانم ساڵی 2005 بلاّوی کردۆتەوە ، هەر ئەو کاتە هەرچەندە لەگەڵ هەندێ بۆچوونیدا نەبووم ، بەلاّم بەلایەکی تر هەندێ شیکردنەوە و بۆچوونیم بەدڵ بوو لە راڤەکردنی لایەنی وردی ئەو ئەدەبەی بە خامەی ژن ئەنووسرێت.. ئەگەر بە هەڵەشدا نەچووبم هەمان وتار ، یان وتارێکی بەو ناوەرۆکەی بە زمانی عەرەبی بلاّوکردەوە ، بەناونیشانی: (الحضور القلق للشعر الأنثوي، داخل جسد اللغة الكردية) ...

بەهەرحاڵ پێم خۆشە ئیشارەت بەوە بدەم کەوا ئەم نووسینەی من ناچێتە خانەی "رەخنە و وەلاّمدانەوە" بەڵکوو ئەکرێ بوترێ کۆمێنتارە لەمەڕ چەند بۆچوونێکی ناو وتارەکەی. هەڵبەتە بۆ ئەوەش ئەم نووسینە نانووسم لەبەر ئەوەی ناوم هاتووە ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مەسەلەی "بەرهەمی ئەدەبی کە بە خامەی ژن ئەنووسرێتەوە" یەکێکە لەو مەسەلانەی زۆر جار قسە و باسی لەسەر کراوە ، بۆیە پێم خۆش بوو باسی بکەم ، بەلاّم ئەو وەختەی ویستم بنووسم ، ئەو نووسینەی (هەندرێن)م وەبیرهاتەوە ، بۆیە کردمە دەروازە بۆ نووسنیەکەم ، لەبەر ئەوەش نا کە لەوانەیە (هەندرێن) لە نووسینەکەیدا بەناوی هەموو پیاوانەوە قسە بکات ، یان راکانی گوزارشت لە رای هەموو پیاوان بکات سەبارەت بە بابەتی "بەرهەمی ئەدەبی یان شیعری بە خامەی ژن" ، بەڵکوو لەبەر نزیکی راکانی لە زۆر ئەو رایانەی تر بەردەوام باسیان لەو بابەتە کردووە ، هەروەها لەبەر ئەوەشی ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی هەستەوەری بە مەسەلەی ژن و دیدوبۆچوونی کۆمەڵگا لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ بوونی ژن و دواتر بۆ بەرهەمی ژن لە هەر بوارێکی ژیانیدا بێت ، بەتایبەت بواری ئەدەب..

هەڵبەتە جێی خۆشحاڵیشم بوو کە ناوم لە نووسینەکەیدا هاتبوو ، و نمونەی شیعرێکمی هێنابۆوە ، هەرچەندە سەرنجم هەبوو لەمەڕ وەرگێڕانەکە ، کە تەواو پێچەوانەی مەبەست و مانای شیعرەکەبوو کە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نووسیومە و (هەندرێن) لە میانەی نووسینەکەیدا بە کوردی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ، بەلاّم ئەوەش مەبەستی ئەم نووسینەم نیە..

بۆیە ئەگەر بمەوێ بچمە ناو باسەکەوە ، تەواو وەکوو سیمۆن دۆبۆڤوار ئەڵێت: پیاو ئەزانێت ئادەمیزادە ، ژنیش ئەزانێت ژنە ، ئەو دەمەشی ژن وەکوو ئادەمیزاد ئەیەوێت خۆی بنوێنێت ، بەوە تۆمەتبار ئەکرێ گوایا لاسایی پیاو ئەکاتەوە.." ئا ئەم وتەیەی سیمۆن دۆبۆڤوارم ئەو کاتە وەبیرهاتەوە کە یەکەم جار نووسینەکەی (هەندرێن) خوێندەوە ، ئێستاش دوای دوو ساڵ لە نووسینەکەی (هەندرێن) ، واتا کە ویستم نووسینێک لەمەڕ نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بە خامەی ژن بنووسم ، وتارەکەی (هەندرێن)م وەبیرهاتەوە ، بۆیە وتارەکەیم کرد بە دەروازەی ئەم وتارە. هەندرێن لە جێگایەکی نووسینەکەیدا ژنی شاعیری کورد بەوە تۆمەتبار ئەکات کەوا لاسایی شاعیرە "گەورەکانی" کورد ئەکاتەوە ، ئەو دەمەی ئەڵێت: "...لەلایەکی ترەوە ژنی کورد لەهەوڵی نووسینەوەدا تێدەکۆشێ و بەشێوەیەکی هوشیار و ناهوشیار خۆدەخاتە زیندانی لاساییکردنەوە لە شاعیرە (گەورەکان)ی پیاو..." هەڵبەتە (هەندرێن) خۆی وشەی "گەورەکان"ی خستۆتە نێو دوو کەوانەوە ، کە لێرەدا سەبارەت بەوە ئەڵێم بەباوەڕی من هیچ شاعیرێک نیە لە دونیادا پێی بوترێ (گەورە) ، چونکە شاعیر نیە (بچووک) بێت ، شاعیر هەیە باشە و شاعیر هەیە خراپ ، هەروەک شاعیر هەیە

ناسراوە و شاعیر هەیە نەناسراوە..هتد ، ئیدی ئەو جۆرە بەکارهێنانانە لە زماندا پێدەچێ زیاتر (هەڵەی زمانەوانی رۆشتوو) بن ، هەروەک هەندێ بەکارهێنانی زمانەوانی تری وەکوو (کوردستانی باشوور...) کە لە وتارەکەی (هەندرێن)یشدا هاتووە ، کە چاکتر وایە بڵێین: باشووری کوردستان ، بەپشت بەستن بەو راستیەی کەوا خاکی کوردستانی گەورە یەک خاکە و باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای هەیە..

ئەگەڕێمەوە سەر بابەتی نووسینەکەم ، ئەوەشی مەبەستمە دووپاتی بکەمەوە ئەوەیە ، ئەگەر سەرنج بدەین لە کاروانی ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی گشتی ، ئەبێت بڵێین ، ئەو ئەدەبە ئەم ساڵانەی دوایی و هاوتەریب لەگەڵ هەموو گۆڕانکاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی دۆزی کورد چ لەسەر ئاستی کوردستانی ، عێراقی ، ناوچەیی یان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و بە جیهانی بوونی دۆزی کورد , جگە لە رۆڵی بوونی تاکی کورد لە دەروەی کوردستان و شارەزابوونی لە ئەزموونی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی میللەتانی تری دونیا ، هەروەها والآبوونی هەموو سنوورە فیکری و زانیاریەکان لەبەردەم رۆشنبیری کورد لە هەموو دونیادا لەسایەی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیا و کورتبوونەوەی ئەو مەودایانەی ئەو رۆشنبیرەیان لە جیهانی دەروە دادەبڕی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ، هەروەها بەهۆی ئازادبوونی باشووری کوردستان بە پلەی یەکەم , بە پلەی دووەم بزووتنەوەی جیهانگیری و بەجیهانیبوون و رۆڵی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت سوودبینینی سیاسەتمەدار و رۆشنبیری و بەتایبەت ئەدیبی کورد لەو بزووتنەوانە ، ئەم هۆیانە و چەندین هۆی تر وایان کرد یەکێک لەو بوارانەی بە پلەیەکی گەورە سوودمەندبوون ، بواری ئەدەبی بوو ، ئەگەر فاکترێکی گرنگی تریش بە هەند بگرین ، ئەویش ئەوەیە ، کە بەو پێیەی رۆشنبیری کورد بەهۆی ئەو هەموو سەرکوتکردن و زوڵم هەڕەشەی لەناوچوونی نەتەوەیی و کولتووریەی دووچاری بووبۆوە ، ئەوە کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و میتۆلۆژیای کوردی و بەگشتی رۆشنبیری کورد داناوە ، بەوەی کەوا وای لەو رۆشنبیرە کردووە بەردەوام هەست بە تینوێتی بکات بۆ کولتووری تری جیهان و هەست بە تێربوون و (ئیکتیفا) نەکات ، ئەوەش کە کەم لە میللەتانی دونیا ئەگەنە ئەو پلەیە لە بزووتنەوەی ئەدەبیاندا..کەواتە ئەدەبی کوردی بەو مانایە ئەبێت پێشکەوتن و گەشانەوەیەکی باشی بەخۆوە بینیبێت...

ئەگەر هەر لەگەڵ ئەو فاکتەر و هۆکارانەی سەرەوەش فاکتەری بەدیموکراسیبوون و کرانەوەی عەقڵەکان بە ئاڕاستەی زیاتر لە ئازادی و سەرەبەستیەکان کە پێشتر هەموو لە خانەی (تابوو) دانرابوون ، ئەوا دەبێت بواری ئەدەبی یەکێک لەو بوارانە بێت کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ سوودمەندبووە لەو بەدیموکراتیبوونە ، بەوەی ئادەمیزادی کورد زیاتر توانیویەتی سنوورە کۆمەڵایەتی و ئایینی و فیکریەکان و زۆرجاریش سنوورە ئەخلاقیە تەقلیدیەکانیشی شکاندووە لە پێناو زیاتر گوزارشت کردن لە بوونی خۆی وەکوو ئادەمیزادێکی تەواو لە کۆمەڵگادا ، و بەتایبەت کە چەکی ئەدەب و نووسین و چەکی شیعری بەدەستەوەیە..

ژنی کورد لەو هەموو هاوکێشەیە هەرگیز بەدەر نەبوو ، بە پێچەوانەوە بریتی بوو لە لا ئەکتیڤەکەی هاوکێشەکە ، بەوپێیەی ژنی چالاکی بواری ئەدەبی بە ریتمێکی زۆر چالاکانە توانی سوود لەو هەموو گۆڕانکاریانە ببینێت ، و لەبەرژەوەندی ئەدەبەکەی بەکاریان بهێنێت.. بەتایبەت ئەگەر باس لە فاکتەری بەدیموکراسیبوون و ئازادیەکان بکەین ، ئێمە لێرەدا هەڵبەتە باس لە ژنێکی ئاسایی ناکەین لە کۆمەڵگادا کە هەتا ئیستاش لەوانەیە ژن هەبن بە دڵی خۆیان نەدرێن بەشوو ، یان ئەو ژنانەی بەهۆی کۆمەڵێک زوڵم و جەوری کۆمەڵگاوە پەنادەبەنە بەر سووتاندنی جەستەی خۆیان ، بەڵام ئێمە لێرەدا باسمان لە ژنێکی نمونەیی ناو کۆمەڵگایە کە بەردەوام ئەگەڕێ بەدوای دەروازەکانی بە جیهانی دەروە و گۆڕانکاریەکانی دەروەی ئەبەستێتەوە.. ئەو ژنەی لەجیاتی سووتاندنی جەستەی خۆی وشە ئەسووتێنێ ، و بە وشە بەرەنگاری کۆمەڵگا ئەبێتەوە..

ئەو گۆڕانکاریانە هەمووی یاریدەی ئەوەیداوە بتوانێت خێراتر و ئاسانتر گوزارشت لە بوون و قورسایی خۆی بکات لەناو جەستەی ئەدەبی کوردیدا ، بگرە ئەوەی چەسپاند کە ئەو هەموو گۆڕانکاریانە تەنها دەستکەوتی نێرینە نەبوون و بۆ سوود و بەرژەوەندی نێرینە نەهاتوونەتە گۆڕێ ، بەڵکوو دەستکەوتێکی دوو رەگەزە ، بەهانەش بۆ ئەوە ئەوەندەی ژن توانیویەتی سوود لە ئاسانکاریەکانی دونیای ئینتەرێت ببینێت ، بۆنمونە گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی زانیاری و ئەرشیفەکانی ئەدەبی جیهانی و شارەزابوون و خوێندنەوەی شاکارە جیهانیەکان ، کە پێشتر بەدەگمەن بەردەستی خوێنەری کورد ئەکەوتن ، جگە لەوەی ژنی کورد لە دەریشەوە هەنگاوی بەرچاوی بینیوە لە فێربوونی زمانە بیانیەکان

و شارەزابوونی ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی ئەو وڵاتەی لێی ئەژی و سوودبینین لە ئەدەبی ئەو میللەتانە و بەتایبەت لە ژنانی نووسەر و شاعیری جیهانی ..
کەواتە ئەتوانم بڵێم ئەو ئامادبوونە ئەدەبیەی ژنی کورد هیچ دڵەڕاوکێیەکی پێوە دیارنیە ، بەهێندی ئەوەندەی تەسمیم و ویستی پێوە دیارە ، هەڵبەتە لێرەدا باس لە چۆن و بەها ناکرێت ، چونکە ئەگەر باس لە چۆن و بەها بکەین دەبێ بە وتارێکی سەربەخۆ بێت و نمونە بهێنمەوە و شی بکەمەوە و لێکی بدەمەوە و لایەنی بەهێز و لاواز دەستنیشان بکەم ، ئەوەش لەگەڵ دەقێکدا ، یان شاعیرێکدا ئەکرێت ، بەڵام لەگەڵ سەرجەم ئەو بەرهەمە ناکرێت کە لە ئاکامدا پێی ئەوترێیت (بەرهەمی ئەدەبی خامەی ژن).
=هەڵبەتە حەز ئەکەم ئیشارەت بەوەش بدەم کەوا بۆیە دەستەواژەی (بەرهەمی خامەی ژن) بەکار ئەهێنم ، بۆئەوەیە خۆم لادەم لە بەکارهێنانی ناونیشانی (ئەدەبی ژنان) لەباوەڕمەوە کەوا ئەدەبێک نیە پێی بوترێ (ئەدەبی ژنان)=..
ئەگەر پیاو یەکجار دووچاری سەرکوتکردنی سیستەمێکی سیاسی تۆقێنەربووبۆوە ، ئەوا ژن دوو جار و سێ جار سەرکوتکرابوو ، جارێک وەکوو پیاو لەلایەن سیستەمی سیاسیەوە ، جاری دووەم لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە ، و دواجار ئاینیش یەکێکە لەو فاکترانەی هەمیشە ڕۆڵی نیگەتیفی بینیوە لەمەر دۆزینەوەی سیماکانی بەرهەمی ئەدەبی ژنان ، بۆیە ئەمەش فاکتەرێکی تری زۆر گرنگ بوو کە ژنی نووسەری کورد توانی خۆی لێ لادات و بەتایبەت شاعیر کەڵکێکی باشی لێبینیوە لەوەی گوڕی داوەتەخۆی بەمەبەستی گەیشتنەوە بە قافڵەی ئەدەبی مرۆڤایەتی گەورە..
هەڵبەتە ئەو غەمەی (هەندرێن) ناوی دەنێت (غەمی ئافرەتبوون) من ناوی دەنێم (گرێی ئافرەتبوون ، یان گرێی مێینەیی) لەوانەیە هەمان مەبەست بپێکین ، بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە ، ئافرەتی شاعیری کورد زیاتر لە توێژەکانی تری ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا توانیویانە گوزارشت لەو گرێیە بکەن ، گوزارشت کردنیش لە غەم یان لە گرێ بەپێی سایکۆلۆژیستەکان هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ڕزگاربوون لەو غەمە یان لەو گرێیە ، هەتا دەگاتە قۆناغی شانازی کردن بە ژنێتی یان ئافرتبوونەوە ..
بەداخەوە هەندرێن غەمی بوونی ژنی بچووککردۆتەوە ، و کردوویەتیە غەمی ڕەگەز ، نەک غەمی بوون بەمانا فراوانەکەی ، چونکە بەباوەڕی من غەمی مێینەیی ژنی کورد لەگەڵ غەمی بە ئادەمیزابووندا یەکێکە و لەیەک دانابڕێن ، ئیدی ئەو شەڕەی ژن بۆ ڕەگەزەکەی دەیکات لە ڕاستیدا بۆ بوونی دەیکات وەکوو ئادەمیزاد ، بۆ ئەوەیە کۆمەڵگا وەکوو ئادەمیزادێکی تەواو سەیری بکات ، نەک بۆ ئەوەی تەنها وەکوو ژن سەیر بکرێت.. دەنا ژن وەکوو سیمۆن دۆبۆڤوار ئەڵێ : "ژن کە لەدایک ئەبێت بە ژنی لەدایک نابێت ، بەڵام کۆمەڵگا وای لێدەکات.." بەمانای ئەوەی ژن کە لەدایک ئەبێت ، بوونەوەرێک لەدایک ئەبێت ، ئەبێت پێی بوترێ ئادەمیزاد ، بەڵام کۆمەڵگا ژنێتی ئەکات بە تۆمەت و ئەیکاتە ملی ژن ، کۆمەڵگا ژنێتی ژن وەکوو تۆمەت سەیر ئەکات ، هێندەی ژن بە مێینێتی تۆمەتبار ئەکرێت ، پیاو بە نێرێتی تۆمەتبار ناکرێ ، بەپێچەوانەوە بەسەر ژنیشدا زاڵی ئەکەن و ئەبێت بیکاتە سەردار و سەروەر و شانازی بە (ئەوی پیاوەوە) بکات ، هەموو کاتێکیش وشەی (پیاو) لە فەرهەنگ و هزری کۆمەڵگادا بەرامبەر وشەی (ئادەمیزا) ئەوەستێ ، لەکاتێکدا وشەی (ژن) ئەکەوێتە ژێر خانەی تۆمەتەکانەوە کە هەر لە ئەزەلەوە ژنی تیا بەندکراوە..
بۆیە دەڵێم تەنانەت باسکردنی ئەو مەسەلەیە خۆ بەتاڵ کردنەوەیە ، کە من وەکوو ژن توانیم باس لە گرفتەکانی خۆم و ڕەگەزەکەم بەسەربەستی بکەم ، کەواتە توانیومە ڕزگارم بێت لەو گرێیە ، یان هەوڵ دەدەم ڕزگارم بێت ، کە توانیم بە زمانی ژن باس لە غەمەکانی بوونم بکەم وەکوو ژن و وەکوو ئادەمیزاد کەواتە من توانیومە دەربازبم.. باشە چەند ژنی تر خامەیان بەدەستەوەیە و باس لەو مەسەلانە دەکەن؟ بەپێی زانست ئەوەی باس لە گرفتەکانی خۆی بکات کەسێکی تەندروستە و ئەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و لەدەست گرێکانی ڕزگاری دەبێت ، کەواتە کە ژنی کوردی خاوەن خامە توانی باس لەو مەسەلانە بکات کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە وەک ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگاکەیدا ، بەو شێوەیە باس لە خۆی دەکات ، گوزارشت لەبوونی خۆی دەکات ، بەو پێیەش بەهیچ شێوەیەک لاسایی پیاوی نەکردۆتەوە..
جیاوازیەکە ئەویە من ئەو حاڵەتە بە سەرەتایەکی بەهێزبوونی ژن لەقەڵەم ئەدەم کەچی هەندرێن ، ئەوەی من تێیگەیشتبم لە نووسینەکەی بە لایەنێکی لاوازی شیعری ژنی ئەداتە قەڵەم ، هەروەک ئەشڵێت: "لێرەدا ئێمە ئەگەر دەستنیشانی گرفت و خەسارەکانی دەکەین و پێ دادەگرین لەسەر ئەم بابەتانە لە شیعری ئەم ژنانەدا مەبەستمان ڕەخنە و توێژینەوە نیە ، بەڵکوو دەمانەوێ بەیادی بێنینەوە و سەرنجی بۆچوونەکان بۆ ئەم خەسارانە ڕاکێشین و بەس.."

هەروەها لە جێگایەکی تردا ئەڵێت: "شیعری هاوچەرخی ژنانەی کوردی خاوەنی کۆکەرەستەیەکی هەمەڕەنگی نوێیە ، بەڵام بەدەست دەستەوەستانی و نەبوونی توانایی تەواو بۆ دەربڕین و ئامادەبوونی وەک رەگەزێکی جیاوازی ژنانە دەناڵێنێ. ئەم گرفت و خەسارانە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنگە ناوەکی و دەرەکیەکان.."

لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری دواکەوتووی مەحکووم بە کۆمەڵێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی دواکەتووی وەکوو کۆمەڵگای کوردەواری ژن بە هەر شێوەیەک خۆی بنوێنێت هەر بە لاساییکردنەوەی پیاو تۆمەتبار ئەکرێت ، لەبەر چەند هۆیەک لەوانە ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی بەرهەمی ژن ئەخوێننەوە و هەڵی ئەسەنگێنن بە چاوی کۆمەڵگا و لەژێر چاویلکەی ئایینەوە ئەیخوێننەوە و هەڵی ئەسەنگێنن و دواتر بە چاوی کۆمەڵگا هەموو سیفەتە ئینسانیەکانی لێ ئەسەنن و ئینجا وەکوو تۆمەت باسی لێوە ئەکەن ، ژن هەرچی بنووسێت ناڵێن ژنێک نووسی ، یان ئەڵێن پیاوێک بۆی نووسیوە ، یان ئەڵێن پیاوێک لە پشتیەوەیەتی ، یان ئەڵێن لاسایی پیاو ئەکاتەوە..

باشە من دەمەوێ بزانم نووسین وەکوو ژن ئەبێت چۆن بێت؟ بەباوەڕی رەخنەگری کورد ئەوەندەی نووسەری ژنی بیانی و غەیرە کوردی ئینساف کردووە هەرگیز نووسەر و شاعیری ئافرەتی کوردی خۆمانی ئینساف نەکردووە ، زۆر جار بیستوومە یان خوێندوومەتەوە دەربارەی شاعیری ژنی ئێرانی و ئینگلیز و نەتەوەکانی تر کە لەلایەن رەخنەگرانی کوردەوە لەسەریان نووسراوە ، و تا چ ئاستێک بە ئینسافەوە باسیان لێوەکراوە ، کەچی هەتا ئیستا نووسینێکم لەسەر هیچ شاعیرێکی ژنی کوردی خۆمان نەخوێندۆتەوە بە ئینسافەوە باسی کرابێت ، ئەگەر نووسرابێتیش هەمیشە باس لە کەموکووڕی و لاوازیەکانی کراوە یان تۆمەتبارکراوە بەوەی لاسایی پیاوی کردۆتەوە.. لە کاتێکدا لەلایەن نووسەر و رەخنەگری عەرەب و غەیرە کوردەوە نووسینم خوێندۆتەوە سەبارەت بە ژنە شاعیری کورد کە زیاتر ئینساف کراوە..

کەواتە گرێکە تەنها لای ژن نیە ، گرێکە وا لە عەقڵی کۆمەڵگادا کە سەیری بەرهەمی ژن ئەکات.. کۆمەڵگاش تەنها داوا لە ژن ئەکات لە دەست گرێ و غەمی مێینێتی رزگاری بێت ، کەچی داوا لەخۆی ناکات لەدەست گرێکانی خۆی رزگاری بێت یان هەوڵی بۆ نادات ، چونکە ئەگەر ژنیش رزگاری بێت لە گرێکانی ، هیچ سوودێکی نیە ، ئەگەر بەهەمان شێوە کۆمەڵگا پاک نەبێتەوە لە گرێکانی بەرامبەر بەژن ، بەچی ئەچێت رەخنەگرەکانمان بە کۆمەڵێ گرێوە بێن بەرهەم و شیعری ژنە شاعیرەکان هەڵسەنگێنن..

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی باس لە دیاردەیەکی ئەدەبی وەکوو شیعر کە بەخامەی ژن ئەنووسرێت بکەین ، پرۆسەی باسکردنەکە هەرگیز بە دەقێک ، یان بە نمونەی چەند شاعێرێک تەواو نابێت و مافی تەواوەتی نابەخشێتە باسەکە و لەهەمان کاتیشدا بە ئینسافەوە باس لە شاعیرەکان ناکات ، لەبەر گەلێ هۆ ، لەوانە، دەقی ئەدەبی و بەتایبەت دەقی شیعری لەدایکبووی ساتێکە لە ئیلهام ، هەموو دەقێکی شیعری ئەزموونێکی جیایە ، ئەکرێ یەک دەق لێکبدرێتەوە بەسەربەخۆ و هەڵسەنگێنرێ ، بەڵام ناکرێ یەک دەق وەرگیرێت و شیکرێتەوە و بڵێین ئەم دەقە باس لەوە ئەکات هەموو ژنە شاعیرەکان لاسایی پیاوە شاعیرەکان ئەکەنەوە ، یان دەقێک هەڵوەشێنین و بڵێین شیعری ژنان هەرهەمووی باس لە (غەمی مێینێتی) ئەکات ، بەچەند وشەیەکی تر یەک دەق نابێتە بنەما بۆ دارشتنی پێوانەکانی ئەزموونێکی پێ هەڵسەنگێنرێت ، دووەم: هیچ ئەزموون و ئەزموونێکی تری شیعری لای شاعیرێک و شاعیرێکی تر ناشوبهێنە یەکتر بۆ ئەوەی بەیەکەوە لەیەک کایەدا لێکیان بدەینەوە..

بۆخۆم هەندێ جار دێمە سەر ئەو باوەڕەی ئەگەر شاعیر یان نووسەری ژن تەنانەت ئارایشتیش بۆ دەق و نووسینەکانی بکات هەر تاوانبار ئەکرێت بەوەی لاسایی پیاو ئەکاتەوە ، دەنا هەمیشە ئەو دەمەی ژن ئەدەبێکی ئینسانی ئەنووسێتەوە ، ئەو کاتە تاوانبار ئەکرێ بەوەی لاسایی پیاو ئەکاتەوە ، و ناوترێت ئەمە دەقێکی باشە یان خراپە ، بەدەر لە ئیشارەت دان بەوەی نووسەرەکەی ژنە یان پیاوە ، ئینجا بگەڕێین بزانین ژن نووسیویەتی ین پیاو..